Kurdistan Nêt

# کانیی ماسی
# هەواری کەنار شاری بکوژان

حەمەسەعید حەسەن

کە لە ٨ی فێبریوەریی ١٩٦٣دا بەعس بۆ یەکەمین جار دەسەڵاتی گرتە دەست، حشع دژی وەستایەوە. پدک ئەم هەڵوێستەی حشعی بە دڵ نەبوو. کە ١٩٦٨ بەعس دەسەڵاتی کەوتەوە دەست و دواتر شیوعییەکان بەرەی نیشتمانییان لەگەڵدا مۆر کرد، ئەمجارەیش پدک هەر دژی ئەو سیاسەتەی حشع بوو، ئەگەرچی خۆی هاوپەیمانی بەعس بوو! ئەوی بۆ پدک ڕەوا بوو، بۆ حشع ناڕەوا بوو!

چونکە ڕەوتاری قاسم بەرانبەر کورد دوژمنانە بوو، پارتی لە ٨ی فێبریوەریی ١٩٦٣دا چەپڵەی بۆ بەعس لێدا. بەڵام چوار مانگ دوای کوودەتا شوومەکە، لە ١٩٦٣/٦/٩ دا بەعس خەڵکی سلێمانیی ڕەشبگیر کرد و لە «دۆڵی مەرگ»دا قەسابخانەی بۆ دەیان تێکۆشەری ئەو شارە ساز کرد.

چونکە بەعس جارِی قەڵاچۆکردنی شیوعییەکانی دابوو، ‹بەیاننامەی ژمارە ١٣› هێندەی نەما بوو، هێڵی ئاب ‹١٩٦٤› حشع بەرەو ئامێزی عارف ببات. ئەو سازشکارییە یەکێک بوو لەو هۆکارە گرنگانەی لە سێپتێمبەری ١٩٦٧دا حشعی دوو لەت کرد. پارتی و حشع چونکە لەبەر ڕۆشنایی ‹دوژمنی دوژمنم دۆستمە›دا ڕەوتاریان دەکرد، هەردوو لایان زوو زوو کاڵەکیان بە ئەژنۆیان دەشکاند.

محەمەدی حاجی مەحموود دەڵێت: "حشع دوا لایەن هاتە شەڕی (ینک)ەوە و دوا لایەنیش ئاشتی لەگەڵدا مۆر کرد."(١) لە سێپتێمبەری ١٩٦١دا شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد، حشع لە دوای کوودەتای ٨ی فێبریوەرییەوە پێوەندیی پێوە کرد. دوای نسکۆ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦دا شۆڕش هەڵگیرسایەوە، حشع لە سەرەتای ١٩٧٩دا لەنێویدا گیرسایەوە. هەردوو جارەکە پێوەندیکردنی حشع بە شۆڕشەوە، لە ژێر گوشاری بەعسدا بوو.

ئەگەرچی دەبوو شیوعییەکانی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریی کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکی وازی بکەن، وەلێ هەمیشە شەقی زەمانە ڕەوانەی ئەو سەنگەرەی کردوون و ڕۆڵێکی لاوەکییان تێدا گێڕاوە. لە هیچ شۆڕشێکدا خانەخوێ نەبوون، هەمیشە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هەڵوێستی دۆستانەی باڵە بەهێزەکانی نێو شۆڕشەکان بوون.

شیوعییەکان کە دەبوو هەمیشە دەستپێشخەری بکەن، پێش سەردەمەکەی خۆیان بکەون، لە پێش ڕووداوەکانەوە بن و زووتر گوێیان لە زەنگی مەترسییەکان ببێت، هەمیشە پاشکۆی ڕووداوەکان بوون. ئەگەرچی سەرکردایەتیی حشع چل ساڵێکە شیوعییەکان لە تێکشکانێکەوە بەرەو تێکشکانێکی دیکە دەبات، وەلێ هەرگیز هێندە بوێر نەبووە، تەنیا جارێ دان بە لێنەهاتوویی خۆیدا بنێت و دەست لە کار بکێشێتەوە.

ئەگەرچی حیزبە شیوعییەکان بۆ شەڕی پیرۆزی چینایەتی لە دایک دەبن، وەلێ حشع هەمیشە بە دوای سازشدا گەڕاوە و خۆی لە شەڕ دزیوەتەوە. چونکە هەرگیز خۆی بۆ هیچ شەڕێ ئامادە نەکردووە، هەر کە تووشی شەڕ هاتووە، دژوارترین زەبری بەر کەوتووە. حشع هەمیشە لە سەنگەری داکۆکیکردندا بووە، هەرگیز هێرشی نەبردووە. هەمیشە دەستی بە کڵاوی خۆیەوە گرتووە و بڕوای بە "زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە،" هەبووە.

دوای بەیاننامەی ژمارە ١٣ کە شیوعییەکان لە (بەمۆ) بنکەیەکیان ئاوەدان کردەوە، چەکدارەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، پەلاماری ئەو بنکەیان دا و لە شەڕێکی نابەرانبەردا، دوای کوشتنی چەندین شیوعی، بنکەکەیان گرت و پێنج شیوعیشیان بە دیلێتی گوللەباران کرد و چەند شیوعییەکیشیان وا تەنگاو کرد، خۆیان دا بە دەم ڕووباری سیروانەوە و خنکان.(٢)

کە ئیبراهیم ئەحمەد ئەوی دوای کوودەتای ٨ی فێبریوەریی ١٩٦٣ لە ماوەت دەستی دەکرد بەبەر پشتوێنەکەیدا و دەیگوت: "لە کوردستانی مندا جێی حیز و شیوعی نابێتەوە،" مرد، هاوڕێ دێرینەکانی قوربانییەکان، بە بۆنەی ئەو "کارەساتەوە!" هەر لە باشووری کوردستانەوە، تا باکووری ئەورووپا پرسەنامەیان بۆ جەلال تاڵەبانی نارد. نەوشیروان مستەفا ئەمین کە بەوپەڕی لێهاتووییەوە شوێنپێی ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵگرتووە و نەک هەر درێغی لە شیوعیکوشتن نەکردووە، بەڵکوو لە مامۆستاکەیشی تێپەڕاندووە، دەشێ ئەگەر سبەی دڵی لە لێدان بکەوێت، ڕێبەرانی حشع بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەویشەوە، درێغی لە جوانهۆنینەوەی پرسەنامەدا نەکەن.

مەکسیم گۆرگی لە ڕۆمانی دایکدا، لەسەر زمانی یەکێ لە کارەکتەرەکانییەوە دەڵێت: "مێشوولەیەک کە دڵۆپێک خوێنمان دەمژێت، بە دوو پەنجە دەیفلیقێنینەوە، ئەدی چۆن لە کەسێ خۆش ببین کە چاکترین هاوڕێمانی کوشتبێت!› لەنێو حیزبی

Kurdistan Nêt

شیوعیشدا هەڵۆ و کۆتر هەبوون. لایەنگرانی هێڵی ئاب و بەرەی نیشتمانی کۆترەکانی ناو حشع بوون. هەڵۆکانی نێو ڕێکخستنەکانی سلێمانیی حشع «کۆمیتەی بەرگری و تۆڵەسەندنەوە» لەنێو باڵی سەرکردایەتیی ناوەندیدا گیرسانەوە، بۆیە لە بواری تۆڵەسەندنەوەی خوێنی بەناهەقڕژاوی شیوعییەکاندا، ئەو باڵە دەست بەکارتر بوو.
شیوعییەکانی عیراق کە هەمیشە لەسەر بیروڕا لێیان تیرۆر کراوە، تەنانەت ئەوانیش لەسەر بیروڕای جیاواز، هەندێ جار تیرۆریستانە ڕەوتاریان لەتەک هاوڕێیانی دێرینی خۆیاندا کردووە و هەرگیز لەنێو حیزبدا بواریان بۆ فرەسەکۆیی نەڕەخساندووە.
لە ڕوانگەی حەمەی عەزیزەوە، ئۆباڵی کوشتنی شیوعییەکانی سلێمانی لە لایەن پیاوکوژەکانی کانیی ماسییەوە، لە ئەستۆی حەمەڕەشیدی ئەحمەد شانە و «کەمال بەرقی»دایە و ئەو تاوانە سەرئەنجامی بڕیارێکی سەرپێیی ئەو دوو کەسە بووە، نەک هەڵوێستی پارتی و بارزانی.(٣)
ئەو بۆچوونەی حەمەی عەزیز جێگەی متمانە نییە و تەقەلایەکی بێسوودە، لای کەم بۆ خاوێنکردنەوەی پەرێزی خۆی، چونکە بارزانی ناردی بە دوای پیاوکوژەکانی کانیی ماسیدا و وەک دەستخۆشانە سەر و کڵاشنیکۆفی خەڵات کردن.(٤) بۆیە ڕێی تێدەچێت قەلاچۆکردنی شیوعییەکان لە (١٩٦٤/٩/١٠)دا بە فەرمانی، یان لای کەم بە ئاگادارییی ئیسماعیل عارفی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پدک و عەگید سەدیقی بەرپرسی لقی چواری پارتی بووبێت، کە ئەو سەروەختە هەردووکیان لە سلێمانی دەبن.
حەمەی عەزیز،ماڵی ئاوا، هەنووکە ئینسان لەسەر بیروباوەڕ کوشتن بە تاوان دەزانێت، بەڵام ساسان دەروێش کە کوڕی حەمەی دەروێش نادرە، لە شا شاپەرستترە و ئەو دڕندایەتییەی باوکی و ئەندامانی دیکەی لیژنەی پیاوکوشتنی سلێمانی بە "زەرووڕەتی مێژوویی، بوێری و کردەوەی شۆڕشگێڕانە تێدەگات و دەستخۆشی لەو پیاوکوژانەی کانی ماسی دەکا!"(٥)
لە کن ساسان، قالە تەگەرانی کە یەکێک بوو لە هاوسەنگەرەکانی باوکی و هاوزەمان پیاوی عیراق و ئێرانیش بوو، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیش سەری تێدا چوو، "خوا لێ خۆشبووە،" وەلێ شیوعییەکان: "هیچ لە دەست نەهاتوو، تێکدەر، پیسایی سەرەڕێ بوون و قاچی هەموانیان تێوە چووە."(٦) بۆیە بۆ باوکی و پیاوکوژەکانی دیکەی کانیی ماسی ڕەوا بووە، بەبەر چاوی شارێکەوە، بە ڕۆژی نیوەڕۆ تیرۆریان بکەن! جێی سەرنجە ئەو شیوعییانەی ١٩٦٤/٩/١٠ تیرۆر یان بریندار کران، زۆربەیان لە سەروەختی بژێوپەیداکردندا، لە دووکانەکانیاندا، بەر دەستڕێژ دران.
هەژار دەبێژێت: "هونەری شێخ لەتیف هەر ئەوە بوو، کوڕی شێخ مەحموودە و بەس."(٧) وەک چۆن ڕیشی باوک، دادی کوڕی کۆسە نادات، هەروایش ناکرێت تاوانی حەمەی دەروێش نادر لەسەر کوڕەکەی بکرێت بە ماڵ. بە درێژایی مێژوو، هەمیشە کەسانی ڕابردووی سیاسی و کۆمەڵایەتی پۆخڵی بەدناو، ئەو گەجەر و گوجەر و هەرچی و پەرچییانەی لە ئەدەبی سیاسیی نوێدا بە خڵتەی پرۆلیتاریا نێوزەد دەکرێن، بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕان، کوتەکی دەستی خوێنڕێژان بوون.
ڕۆژی قەلاچۆکردنی شیوعییەکانی سلێمانی (١٩٦٤/٩/١٠) یەکێکە لە لاپەڕە هەرە ڕەشەکانی مێژووی پدک و پەڵەیەکی لە کاڵبوونەوە نەهاتووە بە تەوێڵی هەموو ئەو ترسنۆکانەوەی لە دوای ئەو قەسابخانەیەوە بوون. ئەوانەیشی وەک ساسانی حەمەی دەروێش نادر، کوشتنی سڤیل لەسەر بیروباوەڕ، "بە کاری شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم دەدەن،"(٨) پێیان خۆش بێت یان نا، ئاو بە ئاشی فاشیستەکاندا دەکەن.
پرشنگ فەلەکەدین کاکەیی یەکێکە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەڵاڵە، باوکی ئەو خانمە ئەو سەردەمە کۆمۆنیست بوو، ئەگەر ئەو وەختە لە سلێمانی ژیابا، هیچ دوور نەبوو، یەکێک بووایە لە قوربانییەکانی ئەو ڕۆژە خوێناوییە. بریا پرشنگیش وەک باوکی بانگەشەی بۆ پشتکردنە زەبروزەنگ کردبا و بواری بڵاوکردنەوەی بۆ نووسینێ نەڕەخساندبا کە لایەنی تیرۆر دەگرێت و کۆمۆنیست بە پیسایی دەچوێنێت.

پیاوکوژانی کانیی ماسی
عوسەی ئامە، مچەی بابەگەورە، سالەی قالە حەلاو «سالەپیر»، حەمەی دەروێش نادر، حەمەی عەزیز، قوربانی، عەلی ئیبراهیم دەروێش، عەبە لالە، قالە تەگەرانی، کەمال بەرقی، حەمەڕەشیدی ئەحە شانە، کەریم دانزێڕ، عەبدوڵڵا قەرەتۆغانی.

قوربانییەکانی کوشتارەکەی (١٩٦٤/٩/١٠)ی سلێمانی
(١) ئەوڕەحمانی ساڵحی خلە ـ ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانی/حشع ـ (٢) مەلا عەلی ـ بکوژی ئەم دوو شەهیدە عوسەی ئامە بوو. ـ (٣) عومەری مام عەلی ـ دووکاندار لە خوار مزگەوتی حاجی حانەوە. ـ (٤) مەلا حەمەئەمین (دووکاندار) (٥) نوری حەمەعەلی ـ ناسراو بە نوری زەنگیانە، بکوژی ئەم شەهیدە کەریم دانزێڕ بوو. ـ هەمان ڕۆژ سمایل پاڵەوان و کەریمی عەبەخڕەیش بە سەختی بریندار کران.
چوار قوربانیی دیکە: عارفی وەستا حەسەن (کۆپاندروو)، عوسمان سەیوانی (بەرگدروو)، ساڵح میرزا و عەبدوڵڵا میرزا ـ برای یەکتری، نانەوا و کوردی ئێران بوون، کە تیرۆر کران دەستیان بە هەویرەکەوە بوو. ـ

Kurdistan Nêt

هەندێ لە هەڵۆکانی نێو حشع: شێخ عەلی بەرزنجی، حەمە کوڵەباڵ، جەمالی عەلی فائیز، ئەکرەمی حەپسە و  لەتیف حەمەمراد.
ئەگەر بە هۆی ئەم نووسینەوە کەسێکی بێ تاوان بریندار ببێت، ئەوا داوای لێبووردن دەکەم و سەری ڕێز بۆ هەر زانیارییەکی نوێ کە چەوتی هەر بۆچوونێکم بسەلمێنێت، دادەنەوێنم.
٢٠٠١/٢/١١

برای هێژام کاک ئەحمەد حامید
سڵاوی گەرم
هەواڵتان دەپرسم و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.
لە گۆڤاری «باسکار»دا، ژمارە سێ ١٩٩٩ لەندەن، حەمەی عەزیز باسی ڕووداوەکانی سەردەمی کانیی ماسی کردووە. ساسان کە کوڕی حەمەی دەروێش نادرە، لە ژمارە شەشی گۆڤاری «هەڵاڵە»دا، کە سەر بە پارتییە و لە ئەڵمانیا دەردەچێت، وەڵامی داوەتەوە و شیوعیکوشتنی بە کاری شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم داوە و نووسیوێتی: "شیوعییەکان پیسایی سەرەڕێ بوون و قاچی هەمووانیان تێوە چوو."
منیش خەریکی وەڵامدانەوەی ئەو ئەو دوو بابەتەم و پێویستم بە ڕۆژی شیوعیکوشتنەکە هەیە. ئەو ڕۆژە کەی بوو؟ هەمان ڕۆژ چەند شیوعی تیرۆر کران؟ ناویان چی بوو؟ خۆم پێم وایە ڕۆژێکی ناوەڕاستی سێپتێمبەری ١٩٦٤ بوو. ئەحمەد بانیخێڵانی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوێتی ئەو تاقە ڕۆژە حەوت شیوعی تیرۆر کران، بەڵام نە ڕۆژەکەی دیاری کردووە، نە ناوی قوربانییەکان.
پێشتر و پاشتر چەند شیوعی تیرۆر کران؟ ئەوەم مەبەست نییە، تەنیا قوربانییەکانی ئەو تاقە ڕۆژەم پێویستە، کە دڵنیا نیم چ ڕۆژێ بوو. لێرە پێوەندیم بە هێژایان: بابی تارا، باوکی سەرباز، جەلال دەباغ، فاتح ڕەسووڵ، مەلا عەلی و نایب عەبدوڵڵاوە کرد، هیچیان زانیاریی تەواو دروستیان  لە کن نەبوو.
تکایە چی زووترە وەڵامم بدەنەوە. پێشەکی سوپاس بۆ ماندووبوونتان.
براتان: حەمەسەعید حەسەن
٢٠٠١/٢/٧

برای خۆشەویستم کاک حەمەسەعید حەسەن
دوای هەواڵپرسین و هیوای سەرکەوتن، دەستخۆشی لە هەوڵ و کۆششەکانت دەکەم. ڕووداوەکەی کانیی ماسی ڕۆژی ١٩٦٤/٩/١٠ و شەوی١٠ ـ ١٩٦٤/٩/١١ بە ئەنجام گەیەنراوە. ڕۆژی ٩/١٠ سەر لە بەیانی تا پێش نیوەڕۆ ئەم شەهیدە نەمرانە: (١) مەلا عەلی (٢) عومەری مام عەلی (٣) مەلا حەمەئەمین (٤) نوری حەمەعەلی  (٥) ئەوڕەحمانی ساڵحی خلە، لە ماڵ و لەناو بازاڕ و بەبەر چاوی خەڵک و خێزانەکانیانەوە، گیران و فڕێندران و کوژران. لە هەمان کاتدا تەقە لە ئیسماعیل پاڵەوان و کەریمی عەبەخرە کرا و وایانزانی مردوون، بۆیە بەجێیان هێشتبوون.
چوار کەسی یەکەم هەر ڕۆژی ١٩٦٤/٩/١٠ بەدەم ڕێگاوە تا کانیی ماسی هەموویان کوشتن. بۆ شەوێ بڵاویان کردەوە گوایە شەهید ئەوڕەحمان ڕایکردووە، بەڵام بە کوژراوی سووتاندیان و تەرمەکەیان لەو چەمەی خوار کانیی ماسییەوە فڕێ دا.
براتان: ئەحمەد حامد ـ سلێمانی
٢٠٠١/٢/١٠

ژێدەرەکان


(١) محەمەدی حاجی مەحموود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک بەرگی سێیەم، هێشتا چاپ نەکراوە.

(٢) نایب عەبدوڵڵا،  بیرەوەریی ٢١ ساڵ تێکۆشان، چ١ سوێد ١٩٩٦

(٣) حەمەی عەزیز، ئاوڕێک لە ڕابردوویەکی نزیک، باسکار، ژ: ٣ ل ٨٨ لەندەن ١٩٩٩

(٤) ئەحمەد بانیخێڵانی، بیرەوەرییەکانم، ل ٢٢٠ ستۆکهۆڵم ١٩٩٧

(٥) ساسان محەمەد دەروێش نادر، نامەیەکی کراوە، هەڵاڵە، ژ: ٦ ل ٣٣ و ٣٤ ئەڵمانیا ٢٠٠٠

(٦) سەرچاوەی پێشوو.

(٧) هەژار، چێشتی مجێور، ل ١٠٧ پاریس ١٩٩٧

(٨) سەرچاوەی پێنجەم.


× سوپاس بۆ هێژا ئەحمەد حامد و هەموو ئەو بەڕێزانەیشی لە نامەکەمدا ناویان هاتووە، ئاخر ئەوانیش هێندەی بیرهاتنەوە بە هانایانەوە هات، بە هانامەوە هاتن و تیشکی زانیارییەکانیان، لە کاتی نووسینی ئەم باسەدا بەرچاوی روون کردمەوە.

Kurdistan Nêt